# تەقوای خودا بکە لە هەر شوێنێک بوویت، ودوای خراپە چاکە بکە چونکە دەیسڕێتەوە، وبە ڕەوشتی جوان هەڵسوکەوت بکە لەگەڵ خەڵکیدا

لە ئەبی زەر جوندوبی کوڕی جونادە، وئەبی عبدالرحمن موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرمووێت: «تەقوای خودا بکە لە هەر شوێنێک بوویت، ودوای خراپە چاکە بکە چونکە دەیسڕێتەوە، وبە ڕەوشتی جوان هەڵسوکەوت بکە لەگەڵ خەڵکیدا».
[قال الترمذي: حديث حسن] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمان بە سێ شت دەکات: یەکەم: لە خودا ترسان (تەقواداری)؛ ئەمیش بە ئەنجامدانی واجبەکان، و دوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان، لە هەموو شوێن و کات و حاڵەتێکدا، لە نهێنی و ئاشکرادا، و لە خۆشی و ناخۆشیدا و جگە لەمانەیش. دووەم: ئەگەر خراپەیەکت کرد؛ ئەوا لە پاشی چاکەیەک بکە وەکو نوێژ و خێر و چاکەکاری و گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و تەوبە و جگە لەمانەیش، چونکە ئەم چاکەیە خراپەکە دەسڕێتەوە. سێیەم: بە ڕەوشتی جوان مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکە، لە زەردەخەنەکردن بە ڕوویاندا، و نەرم و نیانی و بەخشینی چاکە، و دوورکەتنەوە و وازهێنان لە ئازاردان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4302

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee